
نەوزاد شێرزاد یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی وەرزشیی هەولێر:

# کێشەی تۆپی باڵە لەوەدایە کە ئەوانەی بەڕێوەی دەبەن بۆ ناوبانگ و پارە کار دەکەن



*** ئاستی یاریی باڵە لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یاریی باڵە لە کوردستاندا چەند ساڵێك بوو وەکو پێویست نەبوو، بەڵام ئەمساڵ ئاستی باشتر بووە، چونکە یانەکانیش گرنگی زیاتریان بە یارییەکە داوە.

*** ئەی لەسەر ئاستی عێراق چۆنی دەبینی کە تۆ لە هەردوو خول بەشداریت؟**

-لە ئاستی عێراق باشترە، چونکە یانەکان ژمارەیان زیاترە و خولەکانیشیان زۆرە و یانەکانیش بەشداردەبن ڕکابەری دەکەن بۆ گەیشتن بە خولەکانی ئاسیا و عەرەبی کە نێودەوڵەتییە بۆیە ئاستی عێراق باشترە.

*** بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێشبکەوێت؟**

-یاریکردن پیشە بێت، نەوەك کات بەسەربردن و خولی زیاتر بکرێتەوە و گرنگی زیاتر بە تواناکانی یاریزانانی لاو بدرێت بۆ ئەوەی زیاتر ئاستی ئەم یارییە پێشبکەوێت، هەروەها پێویستە باری دارایی باشتر بکرێت.

*** بۆچی لە ناو ئەو هەموو یانە کوردییە رووت لە یانەیەکی باشووری عێراق کرد؟**

-چونکە هیچ یانەیەکی کوردستان توانای ڕکابەری خولی عێراقیان نەبوو، بەڵکو هەندێکیان هەر بەشدار نەبوون، بۆیە منیش دەمویست ئاستی خۆم پیشان بدەم.

*** ئامانجی چوونت بۆ باشوور تەنیا بۆ پارە بوو، یان هۆکاری دیکەی بوو؟**

-کە یاری بکەین بۆ تیپێکی دەرەوەی شارەکەمان، دواتر پارە وەربگرین وەکو گرێبەستی خۆمان، شتێکی ئاساییە، هەروەها پێموابوو لەم یانەیە دەتوانم زیاتر ئاستی خۆم دەربخەم.

*** چۆن بڕیارت دا بۆ یانەی وەرزشیی هەولێر بگەڕێیتەوە؟**

- دوای ئەوەی یانەی گازی باشوور بڕی گرێبەستەی یاریزانانی یانەکەی کەم کردووە، من ڕازی نەبووم بە گرێبەستەکەی ئەوان و گەڕامەوە ریزی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی یانەی شارەکەی خۆم بکەم.

*** کێشەو گرفتی بەردەم یاریی تۆپی باڵە لە کوردستان چییە؟**

- کێشەی تۆپی باڵە لەوەدا دەبینم کە ئەوانەی بەڕێوەی دەبەن بۆ ناوبانگ و پارە کار دەکەن.

*** بۆچی لە کوردستان ئاستی ئەم یارییە لە بەرەوپاش چووندایە؟**

- لە کوردستان خول زۆر کەم دەکرێتەوە، بۆیە ئەم یارییە پێشوەچوونی باش بە خۆیەوە نابینێ، تەنیا بۆ کاتی خولەکانە.

*** بەدەستهێنانی نازناوی کوردستان لەگەڵ یانەی هەولێر بەبێ پارەش بۆچی دەگەڕێنێتەوە؟**

-بوونمان بە پاڵەوانی کوردستان گرێیەکی ناخمان بوو، ئەمساڵ بە تواناییەکی زۆر دەرمان هێنا.

*** هیواو ئاواتت وەکو یاریزانێك لەم یارییەدا چییە؟**

- چۆن یاریم بۆ هەڵبژاردەی عێراق کردووە، حەز دەکەم



**نەوزاد شێرزاد یاریزانی کوردی ریزی هەڵبژاردەی باڵەی نیشتمانیی عێراقیە و یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکان لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکانی هەولێر و پێشمەرگەی سلێمانی و یانەی گازی باشوور و هەڵبژاردەی عێراق، ماوەیەکیشە هاتۆتەوە ریزی یانەی وەرزشیی هەولێر کە وەرزی ڕابردوو ریزی یانەکەی بۆ باشوری عێراقی عێراق جێهێشتبوو. نەوزاد لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ی شاری هەولێرە و بۆ هەڵبژاردەکانی تازەپێگەیشتووان و لاوان و یەکەمی عێراقیش یاری کردووە، ئەمساڵیش رۆڵی کارای بینی لە بەدەستهێنانی نازناوی باڵەی کوردستان لەگەڵ یانەی هەولێر ئێمەش بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ژیانی وەرزشی چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

لە تەمەنی وەرزشیم یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم، دوای ئەوەش بتوانم خزمەتی شارەکەم بکەم و چەند یاریزانێك درووست بکەم.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چی بوون؟**

-لەگەڵ هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراق توانیمان پلەی چوارەم لە پاڵەوانێتیی عەرەب بەدەست بهێنم، لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بەشداری پاڵەوانێتیی ئاسیام کرد و توانیم بڕوانامەی یاریزانی ئاسیا بەدەستبهێنم، لەگەڵ یانەی هەولێر پلەی دووەم و یەکەمی کوردستانمان بەدەستهێناوە، لەگەڵ پێشمەرگەی سلێمانیش چوارەمی عێراق بووین.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

- هیوام ئەوەیە ئەو ماوەیەی کە وەرزش دەکەم بەرەوپێش بچم، دواتریش لە یاریی باڵە خزمەتی وەرزشوانانی شارەکەم بکەم.

*** چی بە رپرسانی وەرزشی دەڵێی؟**

-من بەرپرسێك نابینم خزمەتی وەرزش بکات لە کوردستان بەتایبەتی لە تۆپی باڵە.

*** هەوڵت نەداوە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بکەیتەوە؟**

-هیوا و ئاواتم ئەوەیە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بکەمەوە، گەرچی ئێستا ناتوانم لە بەر یارییەکانی خۆم ئەو کارە ئەنجام بدەم، بەڵام لە داهاتوو هەوڵی تەواوی بۆ دەدەم.

*** ئەگەر شتێکت مابێت؟**

- بەهیوای ئەوەم بەرپرسان زیاتر گرنگی بە وەرزشەکان بدەن بە هەموو یارییەکانەوە، سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم کە بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات، ئەوەش گەورەترین شانازییە.

# یارییەکانی قۆناغی هەشتەمی چامپیۆنز لیگ و یۆرۆ لیگ



## گاریس بیل
## داوای هەمان مووچەی کریستیانۆ دەکات

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لەهەوڵدایە بۆندی یاریزانی باڵی تیپەکەی گاریس بیل بۆ ماوەی دوو ساڵی دیکە درێژبکاتەوە بەمەبەستی گرەنتی مانەوەی لەریزەکانی یانەی شاهانە. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگرافی بەریتانی ئاماژەی بۆئەوەکردوە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بۆندی گاریس بیلی کردۆتە ئامانج بەمەبەستی نوێکردنەوەی بۆ ماوەی دوو ساڵی تر تا لەگەڵ یانەی شاهانە بمێنێتەوە تا ساڵی ٢٠٢١. ئەم هەوڵەی یانەی شاهانە دوای ئەوە هات بەرێوەبەری کارەکانی گاریس بیل لەچەند ڕۆژی رابردوو دانووستانی لەگەڵ یانەکە دەست پێکرد بۆ گەیشتن بە رێککەوتن لەمەر بۆندە تازەکە، بەڵام ئەو یاریزانە وێڵزیە مەرجی ئەوەی خستۆتە بەردەم یانەی شاهانە ئەویش پێدانی هەمان برە مووچەی یاریزان کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالیە لەنزیك ترین دەرفەتدا تا ساڵی ٢٠٢١. لەلایەن خۆیەوە یانەی ریال مەدرید ئامادەیی نیشانداوە بۆ گەیشتن بەرێککەوتن لەو دانووستانەی یانەکە لەگەڵ یاریزانی ناوبراو دەستی پێکردوە بۆ نوێکردنەوەی بۆندەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵی تر کە لەساڵی ٢٠١٩ بەکۆتا دێت و بڕی مووچەی مانگانەی ٢٠ ملیۆن یۆرۆش بەو یاریزانە بدات بۆ تەنیا وەرزێك. بەمەش گەر یانەی شاهانە سەرکەوتوو بوو لەنوێکردنەوەی بۆندی بێل ئەوا دەبێتە دووەم گرانترین یاریزان لەرووی مووچە لەیانەکە و مووچەکەی بەدە ملیۆن یۆرۆ لە سێرجیۆ رامۆس بەرزتردەبێت. ئەو هەواڵەی یانەی شاهانە بۆ وەشاندنی گورزێکە لەهەردوو یانەی پاریس سان جێرمان و بایرەن میونشن کە لەهەوڵدان بۆ سەرنج راکێشانی یاریزانی ناوبراو بۆ دەست بەرداربوونی لە یانەی شاهانە لەهاوینی داهاتوو.

هەفتەی داهاتوو یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا (چامپیۆنز لیگ) خولی ئەوروپی (یۆرۆ لیگ) ئەنجام دەدرێن، یارییەکانی ئەم قۆناغە یاری سەرنج ڕاکێشن و چەندین یاری بەهێز لەخۆ دەگرێت کە بەپێی بۆچوونی چاودێران وەك یاری کۆتایی دێنە پێش چاو .

لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا (چامیۆن لیگ) چوار یاری بەهێز ئەنجام دەدرێن بەپێی ئەم خشتەیە :

ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٦/٤/٥

بەرشلۆنەی ئیسپانی * ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی لە یاریگای کامپ نو کاتژمێر ٩,٤٥ی شەو

بایرەن میونشنی ئەڵمانی * بەنفیکای پورتوگالی لە یاریگای ئەلیانز ئەرینا کاتژمێر ٩,٤٥ی شەو

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٦/٤/٦

ڤۆلفسبۆرگی ئەڵمانی * ریال مەدریدی ئیسپانی لە یاریگای فۆکسفاگن ئەرینا کاتژمێر ٩,٤٥ی شەو

مانچستەر سیتی ئینگلیزی * پاریس سان جێرمانی فەرەنسی لە یاریگای ئیتحاد کاتژمێر ٩,٤٥ی شەو

شایانی باسە یارییەکانی گەڕانەوەی ئەم قۆناغە لە ڕۆژانی ١٢ و ٢٠١٦/٤/١٣ ئەنجام دەدرێن .

لەلایەکی دیکەوە خشتەی یارییەکانی قۆناغی هەشتەمی خولی ئەوروپی (یۆرۆ لیگ) بەم شێوەیە دەبێت :

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٦/٤/٧

سپۆرتینگ براگای پورتوگالی * شاختار دۆنتسیکی ئۆکرانی لەیاریگای شارەوانی براگا کاتژمێر ١٠,٠٥ی شەو

ئەتلەتیك بیلباوی ئیسپانی * سیڤیلیای ئیسپانی لە یاریگای سان مامیس کاتژمێر ١٠,٠٥ی شەو

ڤیاریالی ئیسپانی * سپارتا براگی چیکی لە یاریگای مادریگال کاتژمێر ١٠,٠٥ی شەو

بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی * لیڤەرپولی ئینگلیزی لە یاریگای سیگنال ئەدۆنا پارك کاتژمێر ١٠,٠٥ی شەو

شایانی باسە یارییەکانی گەڕانەوەی ئەم قۆناغە لە ڕۆژی ٢٠١٦/٤/١٤ ئەنجام دەدرێن .



# چارەنووسی کاریك لەگەڵ مانچستەر یونایتد نادیارە

یاریزانی ئینگلیزی یانەی مانچستەر یونایتد مایکل کاریك دانی بەوەدانا کە چارەنووسی لەگەڵ شەیتانە سوورەکان نادیارە لەماوەی داهاتوو. ئەمەو وابریارە بۆندی کاریك لە کۆتایی وەرزی ئەمساڵ لەگەڵ شەیتانە سوورەکان بەکۆتا بێت، بۆیە ئەو یاریزانە هیوادەخوازێت لەنزیکترین دەرفەتدا چارەنووسی لەگەڵ یانەکە یەکلاببێتەوە. لای خۆیەوە ڕۆژنامەی دایلی ستاری ئینگلیزی لەزاری کاریك بڵاویکردۆتەوە من دڵنیا نیم لەچارەنووسی خۆم لەگەڵ مانچستەر یونایتد، بۆیە بۆ ئەوەی راستگۆبم لەگەڵتان هیچ شتێك نازانم و هیوادەخوازم بەزووتریم کات چارەنووسم یەکلابکرێتەوە. هەروەها کاریك وتیشی چاوەڕێ دەکەم بزانم چی ڕوودەدات من زۆر ئارامم و دڵنیایی تەواوم هەیە. سەبارەت بەبردنەوەیان لە یانەی مانچستەر ستی کاریك رایگەیاند زۆر دڵخۆشین من زۆر یانەی مانچستەر یونایتدم خۆش دەوێت ساتی خۆشم لەگەڵ یانەکە بەسەر بردوە. سەبارەت بە سەرنەکەوتنی بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا ئەو یاریزانە وتی رۆی هۆدسۆنی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا هۆکارەکەی بۆم روونکرەوە و هەر کاتێك هەڵبژاردەی وڵاتەکەم پێویستی بەمن بێت ئامادەم بۆ یاریکردن و بەرگریکردن لە درێسی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا.



# ڕاهێنەری دهۆک دەستی لە کار کێشایەوە



دوای ئـەوەی ئـەم وەرزەی خولـی نایابـی یانەکانـی کوردسـتان دەسـتی پێکرد، یانـەی دهۆك بە هۆی بەشداریکردنی لە هەر دوو خولی عێراق و کوردستان دوو تیپ و دوو ڕاهێنەری بۆ خولەکان دیـاری کردبـوو، محەمـەد یوسـف وەکو ڕاهێنەری خولی کوردسـتان لە سـەرەتای خولەکە بەردەوام بوو، تاکو بەدەسـتهێنانی بلیتی گـەیشـتن بە چوارگۆشـەی زێڕین بە کۆکردنەوەی ١٧خاڵ لـە کـۆی ئەنجامدانـی ١٠ یـاری، بەڵام بەهۆی گرفتی خێزانییـەوە ناوبراو بڕیاری دەست لە کارکێشانەوەی پێشکەشی کارگێڕانی یانەکە کرد، ئەوانیش ڕاهێنەرێکی دیکەیـان لـە شـوێنی ناوبـراو دانـا. هەر لەو بارەیـەوە محەمەد عەلی بەرپرسـی ڕاگەیاندنـی یانـەی وەرزشـی هەولێـر بـۆ گۆڤـاری گـوڵان گوتـی: «ئێمـە ماوەیەکـی زۆرە لەگـەڵ کاپتـن محەمـەد یوسـف بەردەوامیـن، کـە ئەنجامی شایسـتەی بەدەسـتهێناوە لەگـەڵ یانەکەمـان، توانـی یانەکـەش بگەیەنێتـە چوارگۆشەی زێڕین، بەڵام بەهۆی گرفتی خێزانییەوە نەیتوانی بەردەوام بێت لەکارەکـەی و بەفەرمـی دەسـتی لـە مەشقی یانەکـە کێشـایەوە، کارگێڕانی یانەکەشمان بڕیارەکەیان پەسـندکرد، بۆ شـوێنی ئەویش کارگێڕانی یانەکە بە فەرمی کاپتن ئاشتی مستەفای ڕاهێنەری خولی عێراقیان دیاری کرد لەگەڵ هەریەك لە یاریدەدەرانی زەکی عوبید و هەرمان سالح بۆ ئەوەی لە چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی کوردسـتان بتوانن گرنگی زیاتر بە تیپەکە بدەن و پێشـی بخـەن، لـە بـارەی ئامانجـی یانەکـەش لـەم وەرزە عەلـی گوتی: «کۆمەڵێـك یاریزانانـی خولی عێراقی گەڕاونەتەوە تیپەکە و ئێسـتا تیپەکە زیاتر بەهێز بووە و خۆشمان بەردەوامین لە مەشقەکان بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنین و چاومان لە نازناوی خولی کوردستانە.



# سیروانی نوێ تا خولی نایاب ناوەستێ

ئـەم وەرزە یانـەی سـیروانی نـوێ بـە پێکهاتەیەکـی تـەواو جیـاوازەوە دەرکەوتـووە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردسـتان بە ئامانجی بەدەستهێنانی یەکێك لە بلیتەکانی خولی نایابی یانەکانـی کوردسـتان و گەڕانـەوە بـۆ نێـو ڕکاربەرییەکانـی زیادکردنـی یانەکانـی شـارەکەی لـە خولـی نایـاب، یاری بۆ یـاری ئاسـتی یانەی سـیروانی نـوێ لـە بەرزبوونەوەیە و بەم هۆیەشەوە لە پێشەنگی یانەکان دێت. لە بارەی ئەنجامەکانیان لـەم وەرزەش فەهەمـی حەمـە ئەمیـن ئەندامـی دەسـتەی کارگێڕی یانەی وەرزشـیی سـیروانی نوێ و سەرپەرشتیاری تیپـی تۆپـی پێی یانەکە بۆ گۆڤـاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان تیپێکی بەهێزمان دووست کردووە بۆ یارییەکانی خولی پلە یەکی کوردستان، چونکە ماوەی چەند سـاڵێکە ئامانجمانە سـەرکەوتنەوە بۆ خولـی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەمساڵیش تیپێکی بەهێز و ڕاهێنەرێکی بەئەزموون و شایسـتەمان هەیـە و لـەم وەرزە کێبڕکـێ دەکەیـن لەسـەر یەکێـك لـە بلیتەکانـی سـەرکەوتن بۆ خولی نایابـی یانەکانی کوردسـتان، چونکە ئێمە ئەمسـاڵ تیپێکی تۆکمەمان هەیە و خۆمان بە شایسـتە دەزانین بۆ گەیشـتن بە یارییەکانی خولی نایابـی یانەکانـی وەرزی نـوێ، تـا ئێسـتاش ئەنجامەکانمـان باشـە»، لە بارەی گرفتەکانیشـیان فەهمی گوتی: «ئێمەش وەکـو سـەرجەم یانەکانـی تـری کوردسـتان گرفتـی داراییمان هەیـە، بـەڵام ئێمە تـا ڕادەیـەك بارودۆخی داراییمان باشـترە، چونکـە کۆمەڵێـك پرۆژەمان هەیـە و ئەو پارەیەمان لە تیپەکە خـەرج کـردووە، گرێبەسـتی یاریزانانی خۆشـمان داوە، هەموو ئامادەکارییەکیش دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بگەیێنینە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ساڵ بە ساڵیش خولی پلە یەکی کوردسـتان بەهێزتر دەبێت، ئێمەش دەمانەوێ بە ئاست وئەنجام بگەینە خولی نایاب.»



## مۆ فەق یونس:

# بەرنامەی باشمان بۆ هەولێر دەبێت

ئەگەرچـی یانـەی هەولێر لەم وەرزەی خولی نایابـی یانەکانی عێراقی توانی بە کۆمەڵێك کوڕانی کوردی شـارەکەی ئەنجامێکی شایسـتە بەدەسـت بهێنێت، بەڵام نەیتوانی پلێتی گەیشتن بە چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی یانەکانی عێراقی بەدەست بهێنێت، لەم بارەشەوە مۆفق یونس یاریدەدەری ڕاهێنەری تۆپی پێی یانەی وەرزشـی هەولێر تایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئەمسـاڵ توانیمان ئەنجامی باش بەدەسـت بهێنین، یاریزانەکانمان ئاسـتی ڕاسـتەقینەی خۆیان پێشـکەش کـرد و بوونـە مایەی دڵخۆشـی هاندەرانـی یانەکە، هەروەها ئەو هەلە ڕەخسـا کە چەندین یاریزانی بەتوانا دربکەون و هەلی یاریکردنیان پێدرا و توانییان ئاسـتی شایسـتە پێشـکەش بکـەن کـە بوونـە مایەی دڵخۆشـیی کارگێڕانی یانەکـە، بەڵام بەداخـەوە نەمانتوانی بگەینە یارییەکانی چوار گۆشـەی زێڕین»، گوتیشـی: «من بەرنامەم هەیە بۆ ئەوەی ژمارەیەك یاریزانـی باشـتر بـۆ یانـەی هەولێر دیاری بکەین و یانەکەشـمان سـوودی باشـیان لـێ ببینێت، چونکە یانەکەمـان زیاتـر پشـت بـە یاریزانانـی لاو دەبەسـتێ کە لەم ڕوانگەشـەوە سـوودی زۆری لـە یاریزانانی شارەکەی خۆی بینی، ئێستاش ژمارەیەك یاریزانم بۆ یانەکە دیاری کردووە، هەر کاتێك کارگێڕانی یانەکەمان گفتوگۆمان لەگەڵ بکەن لەسەر ئایندەی خۆمان کە ئێمە کوڕی یانەکەین و ئامادەین هەموو کات خزمەتی یانـەی هەولێـر بکەیـن و نـاوی یانەکەمان بەرز بکەینەوە، بۆیـە یاریزانانی زیاتر بۆ یانەکە ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی بە کەمترین توانایی دارایی یاریزانانی زۆر باش بەرهەم بهێنین، هەرچی لە تواناشمان بێت بۆ یانەی هەولێر کەمتەرخەمی ناکەین، من لە ئێستاوەش بەرنامە و پلانی باشم هەیە.»